# خودا پێشینان وپاشینانی خەڵکی لە یەک دەشتدا کۆ دەکاتەوە، بانگکارێک بانگیان بکات هەمویان گوێ بیستی دەبن، وئەگەر سەیریان بکەیت هەموویان دەبینیت، خۆر لێیان نزیک دەبێتەوە، خەڵکی تووشی خەم وپەژارە وتەنگانەیەك دەبن نە وزەیان لەبەردا دەمێنێت ونە بەرگەی دەگرن

لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان هەندێك گۆشتیان هێنا بۆ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ودەستی سەرپراوەکەی پێشکەشکرا؛ کە حەزی لێدەکرد، بۆیە بەشێکی لێی خوارد، پاشان فەرمووی: «من گەورە وسەرداری خەڵکیم لە ڕۆژی قیامەتدا، ئایا دەزانن ئەوە بە هۆی چییەوە؟ خودا پێشینان وپاشینانی خەڵکی لە یەک دەشتدا کۆ دەکاتەوە، بانگکارێک بانگیان بکات هەمویان گوێ بیستی دەبن، وئەگەر سەیریان بکەیت هەموویان دەبینیت، خۆر لێیان نزیک دەبێتەوە، خەڵکی تووشی خەم وپەژارە وتەنگانەیەك دەبن نە وزەیان لەبەردا دەمێنێت ونە بەرگەی دەگرن، خەڵکی دەڵێن: ئایا نابینن لە چی تەنگانەیەك داین، پروانن بەڵکو کەسێك بدۆزینەوە لای پەروەردگارتان شەفاعەتتان بۆ بکات؟ هەندێك لە خەڵکی دەڵێن: بگەنە لای ئادەم، ودەچن بۆ لای ئادەم -عليه السلام- وپێی دەڵێن: ئەی ئادەم، تۆ باوکی هەموو ئادەمیزادی، خودا بە دەستەکانی خۆی دروستی کردوویت. وڕۆحی خۆی بەبەردا کردویت^، وفەرمانی بە فریشتەکان کرد کڕنووشیان بۆ بردیت، تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای پەروەردگارت، ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین، ئایا نابینی چیمان بەسەر هاتووە؟ ئادەم دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، خودا نەهی لێ کردم کە لەو درەختە بخۆم، بەڵام سەرپێچی فەرمانی ئەوم کرد، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، بڕۆن بۆ لای نوح، ئینجا دەچنە خزمەتی نوح پێی دەڵێن: ئەی نوح، تۆ یەکەم پێغەمبەری کە خودا ڕەوانەی کردیت بۆ خەڵکی سەر زەوی، خودا بە بەندەیەکی سوپاسگوزار ناوی هێناویت، بۆیە تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای پەروەردگارت؟ ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟ نوحیش پێیان دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، ونزایەکی گیراوم پێبەخشرا وئەو نزایەم لەسەر گەلەکەی خۆم کرد، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، بچن بۆ لای ئیبراهیم ئەوانیش دەچن بۆ خزمەتی ئیبراهیم ودەڵێن: ئەی ئیبراهیم، تۆ لە هەمان کاتدا پێغەمبەر وخۆشەویستی خودایت لە نێو خەڵکی سەر زەویدا، بۆیە تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای پەروەردگارت؟ ئایا نابینی چیمان بەسەر هاتووە؟ ئیبراهیم پێیان دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، (من سێ درۆم کردووە)^^، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، بڕۆن بۆ لای کەسێکی تر، بچن بۆ لای موسا، دێن بۆ خزمەتی موسا وپێی دەڵێن: ئەی موسا، تۆ پێغەمبەر ونێردراوی خودایت، خودا فەزڵی تۆی داوە بەسەر خەڵکیدا بەهۆی ناردنی پەیامی لە ڕێگەی تۆوە وگفتوگۆکردنی لەگەڵ تۆدا، بۆیە تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای خوای پەروەردگارت؟ ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟ موسا پێیان دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، من لەخۆمەوە پیاوێکم کوشت، لەکاتێکدا خودا فەرمانی پێنەکردبووم کە بیکوژم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، بڕۆن بۆ لای کەسێکی تر، بڕۆن بۆ لای عیسای کوڕی مەریەم، دەچن بۆ لای عیسا ودەڵێن: ئەی عیسا تۆ پێغەمبەریی خودای بەهۆی فەرمودەی موبارەکی تۆی دروست کرد لە ناو سکی مەریەمدا، وڕۆحێکیت لە لایەن خوداوە)~، وهەروەها بە ساوایی لە بێشکەدا قسە وگفتوگۆت لەگەڵ خەڵکیدا کردووە، بۆیە تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای خوای پەروەردگارت؟ ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟ عیسا پێیان دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە

دەبێت، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، نەفسی خۆم، بچن بۆ لای موحەممەد، دێن بۆ خزمەتی موحەممەد وەدەڵێن: ئەی موحەممەد تۆ پێغەمبەری خودایت وکۆتا پێغەمبەریت، وخوای گەورە لە گوناهەکانی پێشوو وداهاتووت خۆش بووە، بۆیە تکا وشەفاعەتمان بۆ بکە لە لای خوای پەروەردگارت؟ ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟ پێغەمبەر دەفەرمووێت: پاشان دەچم بۆ ژێر عەرش، وسوجدە دەبەم بۆ پەروەردگارم، پاشان خوای گەورە زەینم دەکاتەوە وئیلهامی ووتنی هەندێک حەمد وسوپاس وستایشکردنم پێدەبەخشێت کە پێشتر بە هیچ کەسێکی نەبەخشیووە، پاشان پێی دەوترێت: ئەی موحەممەد سەرت بەرز بکەرەوە، داوا بکە پێت دەبەخشرێت، وشەفاعەت وتکا بکە شەفاعەتەکەت بۆ جێبەجێ دەکرێت، بۆیە منیش سەرم بەرز دەکەمەوە، وەدەڵێم: ئومەتەکەم ئەی پەروەردگار، ئومەتەکەم ئەی پەروەردگار، ئومەتەکەم ئەی پەروەردگار. پاشان پێی دەوترێت: ئەی موحەممەد، ئەوانەی هیچ لێپرسینەوەیەکیان لێناکرێت لە ئومەتەکەت لە دەرگای ڕاستی بەهەشتەوە بیانبە بەرەو بەهەشت، وئەوان هاوبەشی خەڵکی ترن لە دەرگاکانی تریشدا، پاشان فەرمووی: سوێند بە ئەوەی کە نەفسی منی بەدەستە، مەسافەی یەک دەرگا لە دەرگاکانی بەهەشت وەکو دووری نێوان مەککە وحیمیەر -یان نێوان مەککە وبوسرا- وایە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ هاوەڵانی بوو لە دەعوەتییەکدا، وگۆشتی باڵی مەڕی پێشکەشکرا لە کاتێکدا پەسەندترین گۆشت بوو بەلایەوە، وپارچەیەک لە گۆشتەکەی بەسەری ددانەکانی پچڕی وپاشان قسەی بۆیان کرد، وفەرمووی: من گەورە وسەرداری نەوەکانی ئادەمم لە ڕۆژی قیامەتدا، ئەمەیشی فەرموو وەک باسکردنی نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەریەوە. پاشان فەرمووی: دەزانن بۆچی؟ فەرمووی: خەڵکی لە ڕۆژی قیامەتدا کۆ دەکرێنەوە لەسەر یەك زەوی پان وتەخت وفراوان، وئەوەی لەسەر ئەو خاکیە بانگکارێك بانگ بکات دەیبیستن وئەوەی سەیر بکات هەموویان دەبینێت وهیچی لێ ناشاردرێتەوە؛ چونکە زەویەکە تەختە وهیچ شوێنێکی تێدا نییە بۆئەوەی یەکێك خۆی تێدا بشارێتەوە، وهەموویان وەکو یەك دەبینرێن، وئەگەر کەسێک قسە بکات؛ کۆتا کەس گوێی لێدەبێت، وهەمووان لە دیارن ولەپێش چاو ون نابن، وخۆر نزیك دەبێتەوە لە خوڵقێنراوەکان بە ئەندازەی یەك میل، تووشی ناڕەحەتی وغەم وخەفەتێکی زۆر دەبن وچیتر ئارام ناگرن وتوانایان نامێنێت، بۆیە بەدوای ڕزگاربووندا دەگەڕێن لەڕێگای شەفاعەت کردنەوە. خوای گەورە ڕێنموێنی ئیمانداران دەکات بۆئەوەی بچن بۆ لای ئادەم (باوکی مرۆڤایەتی)، دەڕۆن بۆ لای ئادەم وباسی فەزڵی دەکەن، بۆئەوەی شەفاعەتیان بۆ بکات لەلای الله -عز وجل-، پێی دەڵێن: تۆ ئادەمیت وباوکی مرۆڤایەتیت، خوای گەورە بەدەستەکانی تۆی خوڵقاندووە، وفەرمانی کرد فریشتەکان سوجدەت بۆ ببەن، وناوی هەموو شتێکی فێرکردیت، وڕۆحی بەبەردا کردویت، وعوزر خوایی دێنێتەوە وەدەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، پاشان گوناهەکەی باسدەکات، ئەویش ئەوەیە خوای گەورە -سبحانە وتعالى- نەهی لێکرد لە دارێک بخوات؛ بەڵام ئەو لە دارەکەی خوارد، وئادەم دەفەرمووێت: نەفسی خۆم شایستەیە شەفاعەتی بۆ بکەم، بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر، بڕۆن بۆ لای نوح پاشان دێن بۆ لای نوح، وەدەڵێن: تۆ یەکەم نێردراوی (ڕەسولی) خودایت بۆ خەڵکی سەر زەوی، وخوای گەورە بە بەندەیەکی سوپاسگوزار ناوی هێناویت، بەڵام نوح داوای لێبووردن دەکات، وەدەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، نزایەکم هەبوو کە دەستبەجێ وەڵامدەدرایەوە؛ وئەو نزایەم کرد لەسەر گەلەکەم، نەفسی خۆم شایستەیە شەفاعەتی بۆ بکەم، بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر، بڕۆن بۆ لای ئیبراهیم. پاشان دێن بۆ لای ئیبراهیم، وەدەڵێن: تۆ خەلیلی خودایت لەنێو خەڵکی سەر زەوی، (خەلیل: واتا ئەوپەڕی پلەی خۆشەویستی)، شەفاعەتمان بۆ بکە لەلای پەروەردگارت، ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟! ئیبراهیم دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، من سێ درۆم کردووە؛ ئەویش ئەوەیە کاتێك ووتی: من نەخۆشم، وکاتێك ووتی: گەورەکەیان ئەمەی کرد، وکاتێك بە سارای ووت: بڵێ من براتم بۆئەوەی سەلامەت بێت لە زیان وشەڕ. هەق وڕاستی ئەوەیە ئەمانە قسەی ناڕاستەوخۆن ودرۆ نین، بەڵام چونکە شێوەیان لە شێوەی قسەی درۆ دەچێت؛ نیگەرانە سەبارەتیان وخۆی بە بچووك دادەنێت لەئاست شەفاعەت کردن، چونکە هەرکەسێك زیاتر خودا بناسێت وزیاتر لێی نزیك بێت ئەوا ترسی لە خودا زیاترە، وەدەفەرمووێت: نەفسی خۆم شایستەیە شەفاعەتی بۆ بکەم، بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر، بڕۆن بۆ لای موسا. پاشان دێن بۆ لای موسا، وەدەڵێن: ئەی موسا تۆ پێغەمبەری خودایت، وخوای گەورە فەزڵ وپلەی بەرزی پێبەخشیوویت بە پەیامەکەی وبە قسە کردنی لەگەڵت، شەفاعەتمان بۆ بکە لەلای پەروەردگار، ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟! موسا دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم تورەبوونێک تورە بووە، نە لەمەوبەر وا تورە بووە ونە لەمەودوا وا تورە دەبێت، من کەسێکم کوشت؛ لەکاتێکدا فەرمانم پێنەکرابوو بە کوشتنی،

نەفسی خۆم شایستەیە شەفاعەتی بۆ بکەم، بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر، بڕۆن بۆ لای عیسای کوڕی مەریەم. پاشان دێن بۆ لای عیسا، وەدەڵێن: ئەی عیسا تۆ پێغەمبەری خودایت، وبەفەرمانی خودا لە سکی دایکتدا دروست بویت، وکاتێك کۆرپە بوویت قسەت لەگەڵ خەڵکیدا کردووە، شەفاعەتمان بۆ بکە لەلای پەروەردگار، ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟! موسا دەفەرموێت: ئەمڕۆ پەروەردگارم توڕەبوونێک توڕە بووە، نە لەمەوبەر وا توڕە بووە ونە لەمەودوا وا توڕە دەبێت، وهیچ گوناهێکی باس نەکردووە ئەنجامی دابێت، وفەرمووی: نەفسی خۆم شایستەیە شەفاعەتی بۆ بکەم، بڕۆن بۆ لای یەکێکی تر، بڕۆن بۆ لای موحەممەد. پاشا دێن بۆ لای موحەممەد، وەدەڵێن: ئەی موحەممەد تۆ کۆتا پێغەمبەری خودایت، وخوای گەورە لە گوناهەکانی ڕابردوو وداهاتووت خۆش بووە، شەفاعەتمان بۆ بکە لەلای پەروەردگار، ئایا نابینی لە چی حاڵێکداین؟! پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت: دەچم بۆ ژێر عەرش، وسوجدە دەبەم بۆ پەروەردگارم -عز وجل-، پاشان خوای گەورە ئیلهام وڕێنموێنیم پێدەبەخشێت بۆ ووتنی هەندێك ستایش وحەمد وسوپاسکردن؛ کە لە پێشوودا بە هیچ یەکێك نەبەخشراوە، پاشان دەووترێت: ئەی موحەممەد؛ سەرت بەرز بکەرەوە، داوا بکە؛ پێت دەبەخشرێت، وشەفاعەت بکە؛ بۆت جێبەجێ دەکرێت، ئەویش سەری بەرز دەکاتەوە، وەدەفەرموێت: ئەی پەروەردگار ئومەتەکەم، ئەی پەروەردگار ئومەتەکەم، بۆیە شەفاعەتەکەی قەبوڵ دەکرێت. وپێی دەووترێت: ئەی موحەممەد ئەوانەی لێپرسینەوەیان لەسەر نییە لە ئومەتەکەت؛ لە دەرگای ڕاستی بەهەشتەوە بیانبە بەرەو بەهەشت، لەکاتێکدا ئەوان بەشداری خەڵکین لە دەرگاکانی تریشدا. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: سوێند بە ئەوەی نەفسی منی بەدەستە، دووری نێوان چوارچێوەی دەرگاکانی بەهەشت وەك دووری نێوان مەککە وسەنعایە لە یەمەن، یان وەکو دووری نێوان مەککە وبوسڕایە لە شام .--بوسڕا: واتا شاری حەوران

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8345